# جیهاد لە نێوان تێڕوانینی مەبەستگەراییانە و گرووپە تەکفیرییەکان (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بە نموونە)

(PP 1 - 14)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.s4.1

**ئیدریس موحەمەد مەحمود سیوەیلی پاسەوان قەپلان سورچی**

پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان/ سلێمانی

zerav2013@gmail.com

**Supplementary** Vol.23, No.4, 2019
The Texts and Heritage:
"Readings and Reviews"

**پوختە**

پوختە جیهاد یەکێکە لەو چەمکانەی لە فیقهی ئیسلامیی قسەی زۆری لەسەر کراوە، بە درێژایی مێژوویی ئیسلام قوتابخانە فیکریی و فیقهییەکان ئەو چەمکە و بابەتگەلی پەیوەست بەو چەمکەیان شیکردوەتەوە، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا لەگەڵ دەرکەوتنی گرووپە تەکفیرییەکان جارێکی تر ئەو چەمکە بە شێوەیەکی بەرفراوان باسوخواسی لەبارەوە دەکرێت و لە ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە ئامادەیی هەیە، لەم نێوەندەشدا کەم نین ئەوانەی لە کۆن و نوێدا لەبەر رۆشنایی تێزی مەبەستەکانی شەریعەت شیکاری چەمکی جیهادیان کردوە، لە بەرامبەریشدا گرووپە تەکفیرییەکان دوور لەو رۆحیەتە مرۆییانەی ئیسلام چەمکی جیهاد شیتەڵ دەکەن، زۆرجاریش لەبەر رۆشنایی ئامانجی تایبەتی گرووپەکە و تێروانینێکی بەرتەسك راڤەی دەقەکانی تایبەت بەو چەمکە دەکەن، ئەمەش جۆرێك لە تێڕوانینی نەرێنی بەرامبەر ئیسلام و ئامانجە باڵاکانی دروستکردووە.

ئەوەی باسکرا، پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، کە ئامانج لێی روونکردنەوەی ئەو جیاکاریەیە کە لە نێوان هەردوو دیدی قوتابخانەی مەبەستەکانی شەریعەت و گرووپە تەکفیریەکاندا هەیە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، توێژەران ئەم توێژینەوەیان ئەنجامدا، لە توێژینەوەکەدا مەنهەجی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهاتووە و پشتبەستن بە چەندین سەرچاوە توێژینەوەکە بە ئەنجام گەیشتووە.

لەم توێژینەوەدا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) وەکو نموونەیەکی گرووپە تەکفیرییەکان وەرگیراوە، بەوپێیەی ئەو رێکخراوە وەکو بەهێزترین رێکخراوی تەکفیری لە مێژووی هاوچەرخدا دەرکەوتووە، بە شێوەیەك لە واقیعدا وەکو دەوڵەتێك خۆی راگەیاندوە و مامەڵە دەکات، کە بە ناوی خیلافەتی ئیسلامییەوە حوکمڕانی دەکات، بە درێژایی تەمەنی ئەو دەوڵەتەش مومارەسەی "جیهاد"ی کردوە بە تێروانینی خۆی، بۆیە گرنگە دید و تێروانینی ئەو گرووپە بۆ جیهاد رۆشنبکرێتەوە و بەراورد بکرێت بە تێزی مەبەستەکانی شەریعەت، بەوەش روونەبێتەوە مومارەسەی ئەو کارانەی داعش ناوی لێناوە جیهاد چەند لەگەڵ ئامانجەکانی ئایینی ئیسلام یەکدەگرنەوە.

توێینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیی و سێ باس و دەرئەنجام: لە بەشی یەکەم چەمکی جیهاد روونکراوەتەوە و جیاوازی نێوان جیهاد و قیتال خراوەتەڕوو. بەشی دووەم تایبەت کراوە بە باسوخواسی فەلسەفەی جیهاد لە دیدی مەبەستگەراییەوە, باس لە بنەماکانی ئاشتی و شەڕ لە ئیسلامدا کراوە, ئەو ئامانجانە خراونەتەڕوو کە ئیسلام رێگەی داوە شەڕی لە پێناودا بکرێـن. لە بەشی سێیەم کورتەیەك لە مێژووی گرووپی داعش خراوەتەڕوو, پاشان بە درێژی باس لە بنەما فکرییەکانی ئەو رێکخراوە کراوە. پاشان دەرئەنجامی بەراوردکردنی فەلسەفە و ئامانجی جیهاد خراوەتەڕوو کە توێژەران لە ئەنجامی بەراوردکاری بەشی دووەم و سێیەم پێی گەیشتون، گرنگترین ئەو ئەنجامەش:

لە قورئاندا، بنەڕەت ئاشتیە، شەڕیش تەنها لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا پەنای بۆ دەبرێت، بەڵام لای داعش بنەڕەت جیهاد و شەڕکردنە.

بە پێی قورئان نەك لەسەر کوفر و بە هۆکاری بیروباوەڕی ئایینی نابێ شەڕ و کوشتار بکرێت، بەڵکو یەکێ لە مەبەستەکانی جیهاد فەراهەمکردنی ئازادی ئاینیە بۆ هەموو ئاییندارێك. داعش هات رێك پێچەوانەی ئەمەی کرد، ئازادی ئایینی زەوت کرد.

لای مەبەستگەراکان جیهاد خودی خۆی مەبەست نیە، بەڵکو هۆکارە بۆ بەدیهێنانی مەبەستی باڵا، بەڵام لای داعش لە هەندێك شوێن خودی جیهاد دەبێـتە ئامانج و، کوشتاری مرۆڤەکان دەبێـتە مایەی لێخۆشبوون و رەزامەندی خوا.

**کلیلی توێژینەوە:** جیهاد، گروپ، تەکفیر.

## 1-پێشەکیی

جیهاد چەمکێکی تایبەت و جیاکەرەوەی ئایینی ئیسلامە، لە کۆنسێپشنی کەلەپووری فیقهی ئیسلامیدا هەمیشە وەکو بابەتێکی سەرەکی جێگە و پێگەی هەیە. لە سەردەمی نوێدا، لەگەڵ ڕووخانی خیلافەی عوسمانی و سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامیە هاوچەرخەکاندا، جارێکی تر ئەدەبیاتی جیهادی بووژانەوەیان بەخۆوە بینی. دوایی لەگەڵ دەرکەوتنی گرووپە

جیهادی و تەكفیریەكان و ئەنجامدانی توندوتیژی لە ژێر بەیداخی جیهاددا، چەمكی جیهاد مشتومڕی زۆری لەسەر دروست بوو و، زیاتر كەوتە بەر تیشكی باس و لێكۆڵینەوە.

لە ڕاستیدا كۆمەڵێك دەقی زۆر لە بارەی جیهاد و كوشتارەوە هەن، لە قورئان و لە گێڕانەواكانی فەرموودەی پێغەمبەردا، وەلێ لەبەر ئەوەی جیهاد بە مانای كوشتار، چەمكێكی كردەیی پراكتیكیە، ئەو دۆخ و كۆنسێپتە دیرۆكیەی موسڵمانان جیهادیان تیادا كردووە كاریگەری داناوە لەسەر ڕاڤەكردنی دەقەكانی پەیوەست بە قیتال و لە كتێبە فیقهیەكانیشدا هەر بە تام و تارمایی پراكتیكە مێژووییەكانەوە ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە ئێستا چەمكە مێژوویی و كەلەپووریەكەی (جیهاد) بەینێكی زۆر و دووری هەیە لەگەڵ چەمك و وێنەی جیهاد لە دەقەكانی قورئاندا. دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش) و ڕێكخراوە توندڕەوەكانی پێش ئەویش تێگەیشتنی خۆیان بۆ جیهاد لە چەمكە كەلەپووریەكەی جیهادەوە وەردەگرن. ئەمەش پاڵنەری سەرەكیمان بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، تا جیاوازی نێوان چەمكە مەبەستگەریەكەی جیهاد لە قورئاندا لەگەڵ ئەو جیهادەی لە كەلەپووردا بوونی هەیە و داعش پەیڕەوی دەكات، بخەینە ڕوو.

بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، كە لە لایەك هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ دەقەكانی بابەتی (جیهاد و قیتال) بكات، ئەویش لە ڕێگەی دەرخستن و دەستنیشانكردنی مەبەستە شەرعیەكانی جیهاد، لە لایەكی تریش ئەو توندوتیژیانەی داعش و گرووپە تەكفیریەكانی تر بە ناوی جیهادەوە دەیكەن، بەراورد كراوە، تا بزانرێت تا چ ڕاددەیەك یەك دەگرنەوە لەگەڵ ئەو مەبەست و ئامانجانەی لە پێناویاندا ئایینی ئیسلام ڕێگەی داوە بە پەنابردن بۆ جەنگ و كوشتار.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە وای خواستووە كە میتۆدی شیكاری و بەراوردكاری تیادا بەكاربهێندرێت، بە هەموو ئەو كەرەستانەی ئەم میتۆدە دەیخوازێت، وەك وێناكردن و شیكردنەوە و لێكدانەوە و تێخوێندنەوە و بەراوردكردن و هەڵێنجان... تاد، هەروەها پشتبەستراوە بە سەرچاوەی ڕەسەن و ڕاستەوخۆ، لە سەرجەم قۆناغەكانی توێژینەوەشدا توانا و كۆششی تایبەتی خەرجدراوە و توێژەران پێیانوایە ئەم توێژینەوەیە بەم شێواز و ناوەڕۆكەوە كارێكی نوێیە لە بواری خوێندنەوە و شیكردنەوەی دەقەكانی جیهاد و بەراوردكردن لە نێوان دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ چەمكی (جیهاد).

## 2- چەمكی جیهاد

### 2-1جیهاد لە زماندا

لە ڕووی زمانەوانیەوە وشەی (الجهاد) دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی سێ پیتی (ج، ە، د) ئەم ڕەگەش لە بنەڕەتدا مانای (زحمەت) دەدات (ابن فارس، 1979، ل 486/1). زمانناسان جیاوازیان لە نێوان هەردوو وشەی (الجُهْد) و (الجَهْد) كردووە بەوەی یەكەمیان بە مانای (وزە و توانا و شیان) دێت و دووەمیان بە مانای (زیادەڕەوی و ئەوپەڕی مەبەست) (ابن منڤور، 1414ك، 134/3) كە هەردووكیان نزیكن لە وشەی (جهاد). بەم پێیە، وشەی (الجهاد) واتە: بەخەرجدانی توانا و وزە. دەتوانین بڵێین مانای (جیهاد) لە زمانی كوردیدا بەرامبەرە بە مانای خەبات و تێكۆشان و زەحمەتكێشان.

### 3-2 جیهاد لە قورئاندا

وشەی (جهاد) بە هەموو داڕشتەكانیەوە (34) سی و چوار جار لە قورئاندا هاتووە. ئەوەی تێبینی دەكرێت لە بەكارهێنانی وشەی (جهاد) قورئاندا، زیاتر پێداگری لەسەر دوو شت كراوە:

1- مەبەستی جیهادكردن، كە دەبێ لە پێناو خودا بێت (فی سبیل الله)، ئەمەش لە زۆربەی ئایەتەكانی جیهاددا هاتووە.

2- ئامراز و هۆكار و كەرەستەی جیهادكردن، كە سێ ئامرازی دیاری كردووە:

سەروەت و سامان.

نەفس. ئەم دوانەش لە (9) نۆ ئایەتدا پێكەوە هاتوون، وەكو: (انْفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ...)[التوبة: 41]، (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ)[الحجرات: 15].

قورئان، هەروەكو لەم ئایەتەدا فەرمانی پێكراوە: (فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا)[الفرقان: 52] ، واتە: گوێڕایەڵی كافران مەبە و، بە قورئان جیهادێكی گەورەیان لەگەڵدا بكە.

قورئان زۆر باسي ئامراز و كةرةستةي جيهادكردني كردووة، بةلآم زؤر كةم باسي ئةو لايةنةي كردووة كة جيهادي لةطةلَدا دةكريَت، ئةمةش ئةوةمان ثيَدةليَ كة جيهاد بريتية لة بةخشين و كؤششكردن و تيكؤشان و بةكارهيَناني سةرجةم توانا مرؤيي و

داراييةكان. واتة، جيهاد لة قورئاندا بة تةواوةتي ضةمكيَكي تةريَنية، باس لة ويَرانكردن و كوشتن و لةناوبردن نية، رِةنطة شةرِكردن تةنها بةشيَكي زؤر بضووك بيَت لة بةشةكاني جيهاد، هةروةك هةنديَ زانا كردوويانة بة (13) سيانزدة بةش و ثلة، شةرِكردن تةنها يةكيَكيانة (ابن القيم، 1994، ل 9/3-10).

هةروةك لة فةرمايشتةكاني ثيَغةمبةريشدا وشةي جيهاد بؤ مانا و مةبةستي ناسةربازي بةكارهاتووة، بؤ نموونة:

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، أَنَّهَا قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ تُرَى الجِهَادَ أَفْضَلَ العَمَلِ، أَفَلاَ نُجَاهِدُ؟ قَالَ: «لَكِنَّ أَفْضَلَ الجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ» (صحيح البخاري, ذمارة 2784).

«المجاهد من جاهد نفسه» (سنن الترمذي, ذمارة 1621).

**4-2 جیاوازی جیهاد لەگەڵ قیتال:**

بە هەمان شێوەی وشەی (جهاد) وشەی (قتال= کوشتار)یش لە قورئاندا هاتووە، بە هەموو داڕشتەکانیەوە نزیکەی (67) جار بەکارهاتووە، هاتنی هەردوو وشەکە و بەکارهێنانەکانیان لە قورئاندا سەلمێنەری ئەوەیە کە دوو زاراوەی ناوەڕۆك جیاوازن. وشەی (قتال) تایبەتە بە جەنگ و شەڕی چەکداری، بەڵام وشەی (جهاد) فراوانترە و پەیوەست نییە بە لایەنی سەربازیەوە.

وشەی جیهاد هەر لە ئایەتەکانی قۆناغی مەککەدا بەکار هاتووە، بە مانای کۆششکردن لە ئامۆژگاری و بانگەواز و گفتوگۆی باش، هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە: (فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا)[الفرقان: 52]، واتە: گوێڕایەڵی کافران مەبە و بە قورئان لەگەڵیان تێبکۆشە. هەروەها بە مانای کۆششی کەسی ئەخلاقیانەی دەروونی بەکارهاتووە، هەروەك دەڵێ: (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا)[العنكبوت: 69] واتە: ئەوانەی لە پێناو ئێمەدا تێدەکۆشن، ڕێگاکانی خۆمانیان پیشان دەدەین (دراز، 2003، ل 63).

ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێش ڕێگەدان بە جەنگ و کوشتار، باس لە جیهاد کراوە، چونکە وەك قورتوبی دەڵێ: "هیچ ناکۆکی لەوەدا نیە کە شەڕ و کوشتار یاساغ بووە لە پێش کۆچکردن بۆ مەدینە" (1964، ل 347/2)، هەر وەك زانراویشە پێغەمبەر بە درێژایی (13) سێزدە ساڵی قۆناغی بانگەوازی ئیسلام لە مەککەدا هیچ شەڕ و کوشتارێکی نەکردووە، ژیان و ڕەفتاری پێغەمبەریش ڕووی کردەیی قورئانن، خۆ ئەگەر جیهاد بە مانای کوشتار بوایە دەبوو پێغەمبەر هەر لەگەڵ دابەزینی ئەم ئایەتەی سەرەوە جەنگی ڕاگەیاندبا لەگەڵ خەڵکی بێباوەڕی مەککەدا، کە وای نەکردووە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە جیهاد تەنها بە مانای کوشتار نایەت، بەڵکو زیاتر بە مانای خەباتی هزری و مەدەنی دێت.

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی پێکراوە جیهاد لەگەڵ دووڕوو و بێباوەڕاندا بکات، هەروەك لە قورئاندا هاتووە: (يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ...)[التوبة: 73، التحريم: 9]، واتە: ئەی پێغەمبەر تێکۆشە لەگەڵ کافر و دووڕوان و توند بە لە سەریان. بەڵام ئەوە زانراوە کە پێغەمبەر هەرگیز شەڕ و کوشتاری لەگەڵ دووڕوان نەکردووە، ئەگەر جیهاد هەمیشە واتای کوشتنی گەیاندبا، دەبوو پێغەمبەر دووڕوان بکوژێت، کە لەگەڵیدابوون بەڵام نەی کوشتوون.

جیاواز لە جیهاد، قیتال لە قۆناغی مەدینەدا ڕێگەی پێدرا (ێزاد، بێ ساڵی چاپ، ل 34)، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە شەڕکردن دەبێ دەوڵەت بیکا، ئەو دەوڵەتەی پاڵپشتی میللی هەیە و لە لایەن گەلەوە پەسندکراو و قبووڵکراو بێت. چونکە پێغەمبەر تا لە مەککە بوو موسڵمانان تەنها گرووپێکی قبووڵنەکراوی ناو مەککە بوون، بەڵام چوونی پێغەمبەر بۆ مەدینە لەسەر بناغەی پەیماننامەیەکی پێشوەختە بوو، پێش چوونی لەگەڵ خەڵکی مەدینەدا بەستی، کە لە مێژوودا بە پەیماننامەی (عەقەبەی یەکەم و دووەم) ناو نراوە، ئەم گرێبەستە لە ڕەهەندە سیاسیەکەیەوە هاوشێوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیە لە نێوان گەل و فەرمانڕەوا (سۆشیال کۆنتراکت)، کە ئەمەش یەکێك بوو لە پێکهاتە و دیمەنەکانی بە دەوڵەتبوونی کیانی ئیسلامی لە شاری مەدینە (یەسریب)، لە پاڵ بوونی خاك و دەستوور کە توخمە سەرەکیەکانی دروستبوونی دەوڵەتن.

بەم پێیە، جیهاد چەمکێکی فراوانی مەدەنی و هزریە زیاتر لەوەی زاراوەیەکی سەربازی بەرتەسك بێت. فراوانی چەمکی جیهاد لەم خاڵانەدا بەدی دەکرێت (العودە, 2015، ل 269-270):

1. چەمکێکە هەموو تاکەکانی ئوممەت دەگرێتەوە، هەر کەس بە پێی ئاست و توانا و دۆخی تایبەتی خۆی، پەیوەست نیە –وەکو قیتال- بە تەنها چینێکەوە کە ئەرکێکی سەربازیان پێ بسپێردرێت.

2. چەمکێکی یاساگەردوونیە، بەو واتایەی دین بۆ ژیانە، ژیانیش یاسای خۆی هەیە و هەر شتێك هۆ و ئامرازی خۆی پێویستە، بۆیە سادەییە وا بیر بکرێتەوە بە جەنگێك ژیان و دۆخی خەڵك ڕاست دەبێتەوە، ئەو پێغەمبەرەی سەرکردەکانی فێری

بەڕێوەبردنی سوپا دەکرد، هەر ئەویش خەڵکی فێرکرد چۆن لە هەژاری ڕزگار ببن و سەرجەم کارەکانی تری وەك كڕین و فرۆشتن و چاندن و خوێندن و هاوسەرگیری.

3. چەمکی جیهاد هەموو کایەکانی ژیان دەگرێتەوە، بۆ تاك و خێزان و کۆمەڵگە، لە هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێك کاری پێدەکرێت و، وەکو شەڕکردن تایبەت نیە بە لایەنێکی ژیان یان حاڵەتێکی تایبەت.

4. پرۆگرامێکی بەردەوام و نەبڕاوەیە، هەل و مەرجی ناوێت، لە هەموو دۆخێکدا کاردەکات، لە حاڵەتی لاوازی و بەهێزی، زۆری و کەمی، ساخلەمی و نەخۆشی، لە حاڵەتی بوونی دەوڵەت و نەبوونیدا. جیهاد داخوازی شەریعەتە لە کەسی پێگەیشتوو کە بە ئەندازەی توانا ئەوەی هەیە پەرەی پێبدات و باش بەکاری بێنێت و کەموکورتیەکان پڕبکاتەوە.

5. جیهاد، ئەنجامەکەی سەلامەتە و بەرهەمەکەی تەنها چاکەیە و، هیچ گرفت و مەترسیەکی نییە.

ئەمە چەمکی جیهادە بەو شێوەیەی لە قورئان و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا بەکارهاتووە، چەمکێکی فراوان و گشتگیر و بەردەوام و ئەرێنی و مەدەنی و هزریە، بەڵام قەتیسکردنی چەمکی جیهاد لە لایەنی سەربازی و کوشتاردا ئەم گشتگیریەی تیادا نییە، ئامانجەکانی جیهادیش بەدی ناهێنێت. لە ئەنجامی ئەم بەراوردە بۆمان دەردەکەوێت کە چەمکی جیهاد لە دوو ڕەوەوە شێواوە:

یەکەم: قەتیسکردنی جیهاد لە لایەنی شەڕ و سەربازیدا، کە لە ڕاستیدا وانییە. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوە بێت کە لە سەرەتادا مەیدانەکانی جیهاد فراوان نەبوون، تاکە کەرەستە و ئامرازی ململانێ و یەکلاکردنەوەیان بریتی بوو لە جەنگ و شەڕکردن، بۆیە چەمکی جیهادیش بە قەبارەی ئاسۆی ئەو سەردەمە بچووککراوە و قەتیسکراوە لە شەڕکردن و، هەر بەو شێوەیەش جێگەی گرتووە لە فیقە و هزر و تەفسیری ئیسلامیدا.

دووەم: پاش قەتیسکردنی چەمکی جیهاد لە شەڕ و کوشتاردا، دابڕا لە شاپەیامی هەموو پێغەمبەران و پێغەمبەری ئیسلام بە تایبەتی، کە پەیامی میهرەبانیە بۆ گشت جیهان.

پەیامی ئیسلام بۆ جیهان و جیهانیان بریتیە لە سۆز و میهرەبانی، هەروەك خودا بە پێغەمبەر دەڵێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) [الأنبياو: 107] تەنها وەکو ڕەحمەت بۆ جیهانیان تۆمان ناردووە. ڕەحمەتیش لە مانا فراوانەکەیدا واتە: پارێزگاریکردن لە مرۆڤەکان، بەردەوامیدان بە مانەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کوشتاریش واتە لەناوبردنی مرۆڤ، کە ئەمە ڕێك پێچەوانەی پەیامی بەزەیی گەردوونیە کە ئیسلام هەڵگریەتی. کاتێك جیهاد لەم پەیامە دوورکەوتەوە و تێکەڵی مەبەستی تر کرا بە تەواوەتی لە ناوەڕۆکی خۆی لاید و بەلاڕێدا چوو.

بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە شەڕ و کوشتار یان (جیهادی کوشتار) نەك جیهاد بە گشتی، بۆیە ئێمە لەم بابەتەدا هەر وشەی (جیهاد) بەکاردەهێنین، بەو شێوەی کە باوە.

3- فەلسەفەی جیهاد لە ڕوانگەیەکی مەبەستگەریەوە:

نابێ جیهاد و هیچ چەمك و بنەمایەکی تری ئیسلام لە چوارچێوە فراوانەکەی ئیسلام بپچڕێنین و بە شێوەیەکی جیا و دابڕاو لێی بڕوانین و خوێندنەوەی بۆ بکەین، ئەو پارچەکردن و ڕوانینە پەرتەوازەییە بۆ چەمکە ئیسلامیەکان گەورەترین زیانی بە ئیسلام و بە هزر و فیقهی ئیسلامی گەیاندووە. بۆ ئەوەی بە دروستی لە هەر چەمك و بنەمایەکی ئیسلامی تێبگەین، دەبێ لەبەر ڕۆشنایی پەیامە هەرە فراوانەکەی ئیسلام و چوارچێوە گشتیەکانیدا بیخوێنینەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەین.

پرەنسیپەکانی ئیسلام لە بارەی جەنگ و ئاشتییەوە:

بە کۆکردنەوەی سەرجەم ئایەتەکانی باسی جەنگ و ئاشتی لە قورئاندا و، تێڕامان لەو ئایەتانەدا، بۆمان دەرکەوت، کە ئایەتەکان دابەش دەبن بەسەر سێ بنەمای سەرەکی، ئەم سێ بنەمایە پرەنسیپەکانی ئیسلام بۆ جەنگ و ئاشتی پێکدەهێنن.

1-3 بنەڕەت ئاشتی و پابەندبوون و بەپیرەوەچوونی ئاشتییە

خودای گەورە بانگی ئیمانداران دەکات و فەرمانیان پێدەکات: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً...)[البقرة: 208]. واتە: ئەی ئیمانداران هەر هەمووتان بچنە نێو ئاشتیەوە. وشەی (سلم) لە ئایەتەکەدا واتە پێچەوانەی جەنگ، دیارە کە خودا دەیەوێت ئیمانداران لە ئاشتیدا بن لە ناوخۆ و لەگەڵ دەرەوەی خۆشیان. "ئەم فەرمانەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیمانداران بە تەواوەتی نەچووبوونە نێو ئاشتیەوە، بۆیە فەرمانیان پێکراوە" (ابن عاشور، 1984, ل 276/2)، هەروەها بۆ ڕێگەگرتنە لەوەی موسڵمانان لە دوای جەنگێك کە دێتە ڕێیان درێژە بە شەڕ نەدەن و بزانن کە ئاشتەوایی و ئارامی ئەسڵە، بۆیە ئەگەر جەنگیش ڕوویدا، هەرکات لە بەرەی بەرامبەردا مەیلی ئاشتەوایی بەدیکرا یان داوای ئاگربەست و ئاشتەواییان کرد، پێویستە موسڵمانانیش بەپیری ئاشتەواییەوە

بچن، هەروەك پێغەمبەر فەرمانی پێکراو: (وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا...)[الأنفال: 61]. واتە: ئەگەر ئەوان مەیلی ئاشتیان هەبوو تۆش بۆی بچۆ.

**3- 2 ئاشتەوایی و چاکەکاری بەرامبەر ئاشتیوانانی ناموسڵمان حەرامکردنی کوشتنی ئاشتیگەر**

پاشان قورئان بە ڕوونی بێباوەڕان بۆ دوو پۆل جیا دەکاتەوە، پۆلێك کە بە هۆی دینەوە شەڕت لەگەڵ ناکەن و شاربەدەرت ناکەن، ئەم پۆلە نەك هەر نابێ کوشتاریان لەگەڵ بکرێت، بەڵکو ئاساییە هەموو چاکەیان لەگەڵ بکرێت و بە پێی یاساکانی دادگەریەوە مامەڵە بکرێن. پۆلی دووەم: ئەوانەن کە بە هۆکاری باوەڕ و دینەوە کوشتارت لەگەڵ دەکەن و لە وڵاتی خۆت وەدەرت دەنێن، خودا داوا دەکات چاکە و نەرمی لەگەڵ ئەم پۆلە نەکرێت، بەڵکو بە پێی خاڵی دواتر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. خودا لەم بارەوە فەرموویەتی: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ * إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ..)[الممتحنة: 8-9]. لەمەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە جیهاد لەگەڵا کافر دەکرێت و لەبەر کوفرەکەشی نییە، بەڵکو لەبەر شەڕەنگێزییەکەیەتی، ئەگەرنا نەدەبوو ئاشتەوایی لەگەڵا هیچ کافرێك بکرێت، لە هەمان کاتدا خوا دەفەرموێت (وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ) [التوبة 6].

تەنانەت ئەو کەس و تاقمانەی لە کاتی شەڕ لە نێوان بەرەی موسڵمانان و بەرەی نەیاردا ئاشتی هەڵدەبژێرن و لە شەڕ دوور دەکەونەوە و ئاشتیگەری خۆیان ڕادەگەیەنن – ئەمانە بە هیچ شێوەیەك نابێ دەستیان بۆ ببرێت و بکوژرێن. خودا لە بارەی ئەم دەستەیەدا دوپات دەکاتەوە کە: (فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلًا...فَإِنْ لَمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوا أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأُولَئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا مُبِينًا) [النساء: 90-91] ئەگەر خۆیان لە ئێوە بەدوور گرت و شەڕیان لەگەڵ نەکردن ئاشتیخوازی خۆیان نیشاندان، ئەوا خودا هیچ ڕێگەیەکی لە دژی ئەوان پێنەداون، ئەگەر لێشتان دوورنەکەوتنەوە و ئاشتیگەریان پێڕانەگەیاندن و دەستیان نەپاراست، ئەوا بیانگرن و بیانکوژن لە هەر کوێ دەستان پێگەشت، خودا دەسەڵاتی ڕەوانی پێداون لەسەر ئەوانە.

تەنانەت توندترین هەڕەشە دەکات لەو کەسەی لە کاتی شەڕدا بە ئەنقەست کەسێکی ئاشتیگەر بکوژێت: (وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا) [النساء: 93]. واتە: هەر کەس کەسێکی ئاشتیگەر* بە ئەنقەست بکوژێت سزاکەی دۆزەخی هەتاهەتاییە و خودا خەشمی لێدەگرێت و نەفرەتی لێدەکات و ئازارێکی سەختی بۆ ئامادە کردووە.

**3- 3 مامەڵەی هاوشێوە بەرامبەر دەستدرێژیکاران:**

بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ پۆلی دووەمی بێباوەڕان کە لە خاڵی پێشوودا باسکرا، واتە پۆلی شەڕکەر، مامەڵەی هاوشێوەیە، کە ئێستا لە یاسای نێودەوڵەتیدا کاری پێدەکرێت لە نێوان وڵاتاندا، ئەمە لە چەندین ئایەتی قورئاندا ڕوونکراوتەوە و، باس لە چەندین شێوازی مامەڵەی بەرامبەر کراوە، وەك لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت: (وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ * وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُمْ مِنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِنْدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِنْ قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ * فَإِنِ انْتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ * وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ * الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ...) [البقرة: 190-194] لەم ئایەتانەدا چەند شێوازێکی مامەڵەی هاوشێوە باس دەکات، بەم شێوەیە:

- شەڕ لەگەڵ ئەوانە بکەن کە شەڕتان لەگەڵ دەکەن و لە مافی خۆتان زیاتر دەسدرێژی مەکەن.
- دەریان بکەن وەك چۆن ئێوەیان دەرکرد.
- لای مزگەوتی حەرام شەڕیان لەگەڵدا نەکەن تا ئەوان تیایدا شەڕتان لەگەڵ دەکەن، ئەگەر شەڕیان لەگەڵ کردن، ئێوەش بیانکوژن، ئەمە سزای بێباوەڕانە.
- هەر کەسێ دەسدرێژی کردە سەرتان ئێوەش بە هەمان شێوە و ئەندازە وەڵامی دەستدرێژیان بدەنەوە.

لەم ئایەتەشدا بە هەمان شێوە: (...وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً...) [التوبة: 36] دەفەرموێت: هەمووتان بەشداری شەڕ بکەن وەك چۆن ئەوان هەموویان شەڕتان لەگەڵ دەکەن. "ئیدی لە هیچ شوێنێك نابینین ڕێگە بە دەستپێشخەری کوشتار درا بێت، بەڵکو مەسەلەکە بە گوێرەی هەڵوێستی دوژمنکارانەی بەرەی نەیار دیاری کراوە" (دراز, 2003, ل 64).

مەبەستەکانی جیهادی کوشتار (بۆ بەراوردکردن بڕوانە هەر یەك لە: القرچاوی، 2014، ل 448/1-458. رچا، 1990، ل 97/1-98. صافی، 1998، ل 201):

**یەکەم: پارێزگاری لەخۆکردن و بەرپەرچدانەوەی دەسدرێژی و ستەم**

وەك لە پێشدا باسکرا، ئەسڵ لە پەیوەندی موسڵمان لەگەڵ ناموسڵماندا ئاشتی و چاکەکاریە و، تا ئەو دەسپێشخەری نەکات و دەست بۆ کوشتار نەبات نابێ موسڵمان بێ هۆ جەنگ دەست پێبکات لەگەڵیان، بۆیە مەبەستی یەکەم و هەرە سەرەکی لە ڕێگەدان بە جەنگ و کوشتار بریتیە لە بەرپەرچدانەوەی دەسدرێژی چەکداری و، بەرگری لەخۆکردنە، وەك لەم ئایەتەدا دیارە کە دەفەرموێت: (وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ) [البقرة: 190] ئەم ئایەتە یەکەمین ئایەتە فەرماني بە شەرکردن و کوشتار دابێت (القرطبي, 1964، ل 347/2)، بەو پێیەی لەمەوپێش ئەنجامدانی شەڕ لە قۆناغی مەککەدا ڕێگەپێدراو نەبوو. لەم ئایەتەدا زۆر بە ڕوونی هۆکار و ئامانجی شەڕکردنی دیاری کردووە، بەوەی کە تەنها لەگەڵ ئەوانەدا بکرێت کە شەڕ دەکەن و دەست بە هێرش دەکەن. ئەوەشی دوپات کردووەتەوە کە ئێوە دەسپێشخەر مەبن لە هێرش بردن و پەلاماردان، کە دەڵێ (وَلَا تَعْتَدُوا) (ابن عاشور, 1984، ل 201/2 ), دەکرێ دەستەواژەی (ولا تعتدوا)، ئەم مانایەش ببەخشێت، واتە: بە ئەندازەی شەڕ و هێرشی بەرامبەر شەڕ بکەن نەك زیاتر، لەو ئەندازەیە دەرباز مەبن و سنوور نەبەزێنن. هەر چۆنێك بێت، ئاشکرایە کە مەبەست لە ڕێگەدان بە دەستبردن بۆ شەڕ و کوشتار بەرگریکردنە و پەیوەستە بە هەڵوێستی لایەنی بەرامبەر و دەبێ هەر لەو چوارچێوەیەشدا پەنای بۆ ببرێت.

لە ئایەتێکی تردا ڕوونتر خوای گەورە ستەمکردنی بەرامبەر دەکاتە هۆی ڕێگەدان بە جەنگی پەرچەکردار، وەك دەفەرموێت: (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ * الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ) [الحج: 38-39] ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ دەکرێت بە ستەملێکراو دادەنرێن، ئەوانەی بێ هەق لە خاکی خۆیان دەرکران. بۆچوونێك هەیە کە ئەمە یەکەم ئایەت بێت ڕێگەی بە کوشتار دابێت. لەوەو پێش سەرباری ئەو ستەم و داپڵۆسینەی بەرامبەر بە موسڵمانان دەکرا، بەڵام تا ئەو کاتەی  ستەم و زۆرلێکردن زیاتر سرووشتێکی تایبەت و تاکەکەسی، ئەوان ئارمیان دەگرت و فەرمانیان پێکرا بوو کەوا: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ...) [النساء: 77] دەست بگرنەوە و تەنها نوێژ و ڕۆژوو بگرن، وەلێ دوای زیاتر لە دە ساڵ، بە درێژایی قۆناغی مەککە، کە داپڵۆسین و دوژمنایەتی هاوەڵگرانی مەککە مۆرکێکی گشتی وەرگرت، موسڵمانان ڕێگەیان پێدرا بەرگری لەخۆ بکەن (دراز, 2003، ل 62).

هەروەها خودا کۆمەڵێك ئاکاری گرۆی چاکان و ئیماندارانی ژماردووە، یەکێ لەوانە ئەوەیە بەرگری لە خۆیان بکەن کاتێ مافیان دەخورێت و ستەمیان لێ دەکرێت (وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ* ...وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِمْ مِنْ سَبِيلٍ* إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ...) [الشورى: 39-42]. پاشان دەفەرموێت سووچی ئەو شەڕەی لە ئەنجامی بەرگریکردن دەکەوێتەوە ئەوانە نین کە بەرگری لە خۆیان دەکەن دژی ستەم، بەڵکو خەتای ئەوانەیە کە ستەم لە خەڵك دەکەن و بە ناحەق دەیانەوێ دەست بەسەر زەویدا بگرن.

**دووەم: فەراهەمکردنی ئازادی ئایینی**

بەرژەوەندی دووەم کە کوشتار لە پێناویدا ڕێگەی پێدراوە، دەستەبەرکردنی ئازادی ئایینی و ڕێگەگرتنە لە چەوساندنەوەی ئایینی، بە پێی وتەی خودا، کە دەفەرموێت: (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ) [البقرة: 193] واتە: شەڕیان لەگەڵدا بکەن تاوەکو ئەو هێزەیان نەبێت بتوانن بتان چەوسێننەوە و ئازارتان بدەن بە هۆی ئایینەوە و، ڕێگەتان لێبگرن بە ئاشکرا دینداری بکەن و بانگەوازی بۆ بکەن، بۆ ئەوەی ئایینی هەر کەس بە بێگەردی بۆ خودا بێت و ترسی کەسی تر کاریگەری بەسەرەوە نەبێت و، بە ناچاری واز لە ئایینی خۆی بێنێت یان پەنا بۆ مەرایی کردن و خاترگرتن، یان شاردنەوەی بیروباوەڕەکەی ببات. وشەی (فتنە) لەم ئایەتەدا مانای چەوساندنەوەی مرۆڤە بە ئازاردان و کوشتن و دوورخستنەوە، لەبەر ئایینەکەی(رچا، 1990، ل 97/1-98 و170/2).

بێباوەڕان لە مەککە بە هۆی ئایینەوە جۆرەها ئەشکەنجەیان تاقیکردەوە لەطەڵ ئیَغەمبەر و شویَنکەوتواني، لە خاکي خۆیان دەریان کردن و، دەستثێشخەریان کرد لە جەنط و کوشتار (وَهَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَهُمْ بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ)[التوبة: 13]، خودا هەواڵی دا کە ئەوان بەردەوام دەبن لە دوژمنایەتی و کوشتار بە مەبەستی پاشگەزکردنەوەیان لە ئایین: (...وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا يَزَالُونَ

يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ..)[البقرة: 217] واتە: چەوساندنەوەی ئایینی لە کوشتن گەورەترە، بەردەوامیش لەگەڵتان دەجەنگێن تا لە دینەکەتان هەڵتان بگەڕێننەوە.

ئازادي ئاييني تەنها بۆ ئايينێك نیە، بەڵكو بۆ هەموو ئايينەكانە، بۆیة خودا رِاستەوخۆ دواي ئايەتي رِيَطەدان بە كوشتار بۆ بەرطري و بەرطرتن لة ستةم، ئاماذةي بة مةبةستي رِيَطةدان بةم جةنط و كوشتارة كردووة و دةفةرمويَت: (وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا)[الحج: 40] واتە: ئەگەر خودا ئەم بەرگریەی دانەنایە، خەڵکی بێباوەڕ و خراپەکار کڵێسا و مزگەوت و پەرستگاگەلێك دەڕمێنن، کە یادی ناوی خودای تیادا دەکرێتەوە.

**سێیەم: تەمبێکردنی خیانەتکار و پەیمانشکێنان**

هۆکارێکی تری ڕەوایەتی کوشتار و شەڕکردن، پەیمانشکێنی هاوپەیمانانە، لەم بارەوە خودا دەفەرموێت: (وَإِنْ نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ مِنْ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنْتَهُونَ* أَلَا تُقَاتِلُونَ قَوْمًا نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ وَهَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَهُمْ بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ...) [التوبة: 12-13] (ئەگەر پەیمانیان شکاند لە دوای پەیمان دان و تانە و پلار لە دینەکەتان بگرن ئەوا لەگەڵ سەرانی کوفردا بجەنگن، ئەوان خاوەنی هیچ پەیمانێك نین، بەڵکو واز لە خراپە بهێنن. دواتر بە شێوەی هاندان دەڵێ: مەگەر نابێ شەڕی تاقمێك بکەن کە پەیمانیان شکاندووە...).

بە تایبەت ڕێگە بە جەنگ دراوە دژی ئەوانەی ڕێزی پەیمان ناگرن و ڕەچاوی ڕێکەوتنەکان ناکەن، تا ئەو کاتە پابەندی دەبن کە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە، هەر کاتیش بۆیان لوا پەیمان و ڕێکەوتنامە دەشکێنن و ناپاکی لەگەڵ هاوپەیمانی خۆیان دەکەن و لە پشتەوە لێی دەدەن و هاوکاری دوژمنیان دەکەن. ئەم جۆرە مرۆڤانەش نابێ بهێڵدرێن سەرەڕۆیی و خراپەکاری زیاتر بکەن، بێ ئەوە کەس لێیان بپرسێتەوە، بۆیە ئیسلام ڕێگەی داوە شەڕ لەگەڵ ئەم تاوانبار و خراپەکارانە بکرێت، وەك سزا و تەمبێکردن (القرچاوی, 2014، ل 457/1). ئەمەش وەك ئەو جوولەکانەی لە مەدینە چەند جارێك پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر بەست و شکاندیان. قورئان لە بارەی ئەم پەیمانشکێنانە بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (الَّذِينَ عَاهَدْتَ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنْقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ* فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِمْ مَنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ* وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ)[الأنفال: 56-58].

**چوارەم: بەرگریکردن لە کەسانی بێ دەرەتان و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاران:**

ئامانجێکی تر و هۆیەکی تر بۆ ڕەوایەتی شەڕکردن، ڕزگارکردنی کەسانی بێ چارەیە لە ژێر دەستی ستەمکار، خودا ئیمانداران هاندەدات: (وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا)[النساء: 57] چۆن ناجەنگن لە پێناو خودا و ئەو پیاو و ژن و منداڵە بێ دەسەڵاتانەی هاوار دەکەن: خودایە لە دەست ئەم شارنیشنە ستەمکارانە ڕزگارمان بکە و خۆت پشت و پەنا و ڕزگارکەرێکمان بۆ پێکبێنی.

بەم پێیە دەرکەوت کە تەنیا پاساوی ڕێگەدان بە جەنگ و کوشتار لە نێوان کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و کۆمەڵگەی تر ستەم و دەسدرێژی و پەلامارداني بەرامبەرە، کە خۆی لە سێ حاڵەتدا دەبینێتەوە:

بەکارهێنانی هێز بۆ دەسگرتن بەسەر خاك و ماڵ و موڵك.

ئەشکەنجەدان و زۆرلێکردن و ترساندن بۆ سەپاندنی باوەڕێك.

فێڵ و تەڵەکە و پەیمانشکێنی و ناپاکی کردن (صافی, 1998، ل 202).

ئەو ئامانجانەی بەدەرن لە مەبەستەکانی جیهاد:

سڕینەوەی کوفر لە جیهاندا.

زۆرکردن لە خەڵك تاوەکو موسڵمان بن (بەزۆر موسڵمانکردنی خەڵك) (القرچاوی, 2014، ل 469/1-470).

**4 -فەلسەفەی جیهاد لە تێڕوانینی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دا**

**4- 1مێژووی سەرهەڵدانی داعش:**

رووخاندنی بەعس لە (2003) دەرگای بە ڕووی نەیارانی ئەمریکادا کردوە کە رووبکەنە عێراق بۆ بەگژاچوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەو نێوەندەشدا چەکدارانی سەر بە رێکخراوی قاعیدە، لەسەرو هەمووشیانەوە ئەبو موسعەب زەرقاوی جێ پێی خۆی لە عێراق قایم کرد (ویکیبیدیا، أبومصعب الزرقاوی ).

ساڵێك دوای رووخاندنی بەعس، بە سەرۆکایەتی ئەبو موسعەب زەرقاوی، لە عێراقدا گرووپێکی چەکداری بە بێ ئەوەی هیچ ناوێکی لە خۆی نابێت دەستیکرد بە ئەنجامدانی کردەوەی چەکداری. دواتر بە ناوی "کۆمەڵەی تەوحید و جیهاد" زەرقاوی بە رەسمی خۆی ناساند"( أبوهنیە، 2014، ل 32). دوای هەشت مانگ لە کارکردن و ئاڵۆگۆڕی بیروڕا لەگەڵ رێبەرایەتی ئەلقاعیدەدا، لە (8 تشرینی یەکەمی 2004) زەرقاوی بەیعەتی دایە ئوسامە بن لادن (ئەلعەرەبیە, ئینتەرنێت). ئەو گرووپە خۆی وەك نوێنەری راستەقینەی رێکخراوی ئەلقاعیدە ناساند. ناوی گرووپەکەی لە "تەوحید و جیهاد"ەوە کردە، "رێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهاد لە وڵاتی رافیدەین"( منبر التوحید و الجهاد, ئینتەرنێت).

دواتر بۆ پەرەپێدانی زیاتری کار، "ئەنجومەنی شورای موجاهیدان" لە حەوت گرووپ و رێکخراوی ئیسلامی پێکهات (ئەلعەرەبیە, ئینتەرنێت).. لە (حوزەیرانی 2006) ئەبو موسعەب زەرقاوی لە هێرشێکی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا کوژرا (ئەلجەزیرە, ئینتەرنێت). رێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق، بۆ قۆناغی دوای زەرقاوی "ئەبو حەمزەی موهاجیر"ی وەك ئەمیری گرووپەکە دەستنیشانکرد (بوابە الحرکات لاسلامیە, ئینتەرنێت).

لە (تشرینی دووەمی 2006) گرووپ و رێکخراوەکانی شوێنکەوتووی زەرقاوی "ئەبو عومەری بەغدادی"یان وەك ئەمیری شورای موجاهیدان دەستنیشان کرد و "دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی"یان راگەیاند (هەمان سەرچاوە). دوای کوژرانی ئەبو عومەر و ئەبو حەمزەی موهاجیر، ئەبوبەکر بەغدادی بووە بەرپرسی گرووپەکە، لە سەردەمی ئەبوبەکر بەغدادیدا "دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی" گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوە بینی (هەمان سەرچاوە).

ئەبوبەکر بەغدادی لە ماوەیەکی کورتدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەوتی ژیانی رێکخراوە جیهادییەکانی عێراق و سوریا و وڵاتانی ئیسلامی درووستکرد و "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام"ی پێکهێنا کە بە (داعش) ناسرا (مرکز الفکر الاستراتیجی للدراسات، ئینتەرنێت). لە دەستپێکی ئەم قۆناغەدا رۆژی (29 حوزەیرانی 2014) لە بەیاننامەیەکدا ئەبو محەممەد عەدنانی راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاند، ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام" گۆڕاوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی (خیلافەتی ئیسلامی) و هەریەك لە ئەنجومەنی شورا و ئەهلی حەلوعەقد، ئەمیری دەوڵەتەکە (ئەبوبەکر بەغدادی)یان وەك خەلیفە هەڵبژاردووە و بەیعەتیان پێداوە. ناوی رەسمی رێکخراوەکەیان "دەوڵەتی ئیسلامییە" و کار بۆ لابردنی سنوورە دەستکردەکان و گێڕانەوەی شکۆی خیلافەت دەکەن (ئەلعەرەبیە, ئینتەرنێت).

دوای گرتنی موسڵ، داعش بە راگەیاندنی دەسەڵاتێك بە ناوی "خیلافەتی ئیسلامی"، خۆی وەك چەتری گرووپ و رێکخراوە ئیسلامییە جیهادییە سەلەفییەکان لەقەڵەمدا. رۆژی شەممە (5 تەمموز 2014) پێگەکانی داعش تۆمارێکی ڤیدیۆیی یەکەم وتاری هەینی خەلیفەی دەوڵەتەکەیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئەبوبەکر بەغدادی لە مزگەوتی گەورەی موسڵ بۆ یەکەمجار وەکو خەلیفە دەرکەوت (یوتوب، ئینتەرنێت). بەو جۆرە بە کردەوە بەشێکی بەرفراوانی زەوی عێراق و سوریا بووە بەشێکی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی داعش. بەڵام دوای چەند ساڵ و لە ئێستادا جارێکی تر سنووری دەسەڵاتی داعش بەرەو تەسکبوونەوەو و لەناچوون دەچێت، ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە چەند مانگی تر دەسەڵاتی ئەو رێکخراوە بە تەواوی کۆتایی دێت یان لاواز دەبێت.

**2-4 بنەمای فکری جیهادی داعش**

جیهادی ئەفغانستان بووە مایەی لەدایکبوونی مانیفێستی جیهادیی جیهانی، عەبدوڵا عەزام (1941- 1989) بناغەدانەری ئەو مانیفێستە جیهانییە بوو کە فتوایدا جیهاد واجیی عەینە لەسەر هەموو موسڵمانێك بۆ رزگارکردنی خاکی موسڵمانان، ئەمەش ئەوەی دەخواست کە هاوکاری هەبێت لە نێوان کۆچکردوو و پشتیوانان، تا دەوڵەتێك دروستبکەن و حوکمی شەریعەتی تێدا جێبەجێبکرێت، هەر لەم گوتارەوە جیهاد سنوری ئەفغانستانی تێپەڕاند، بە شێوەیەك هەر موسڵمانێك لە هەرشوێنێك بێت لەسەری پێویستە بەپێی توانا ئەو واجبە ئاینییە جێبەجێ بکات (شقیر, 2017، ل6). دواتریش ئەم تێزە لەلایەن عەبدولقادر عەبدولعەزیز و کەسانی تر گەشەی پێدرا، تێکەڵ کرا بە بیری سەلەفی، لێرەوە سەلەفی جیهادی شکڵی خۆی گرت کە لە رێکخراوی ئەلقاعیدە خۆی

نواند، دواتریش دەیان ڕێکخراوی سەلەفی جیهادی ئیلهامی لەو مانیفێستە جیهادییە جیهانییە وەرگرت کە تیۆرسێنان و نووسەرانی سەلەفی جیهادی وەکو: عەبدولقادر عەبدولعەزیز، ئەبو محەممەد مەقدیسی، ئەبو قەتادەی فەلەستینی، عەبدولمونعیم موستەفا حەلیمە، هانی سیباعی و ... تاد بە نووسینەکانیان ڕەنگڕێژیان کرد، دوا وێستگەی بەرجەستەبوونی فکری سەلەفی جیهادی خۆی لە ڕێکخراوی داعشدا نواند، کە توندترین فکری سەلەفی جیهادی پراکتیزە کرد و لەو ڕووەوە تەواوی هێزە سەلەفییە جیهادییەکانی پێش خۆی تێپەڕاند،

داعش تێڕوانینی وابوو بۆ جیهاد کە تەنها چارەسەرێك نییە بۆ دۆخی ئێستای موسڵمانان و ڕزگارکردنیان، بەڵکو فەرزێکی شەرعیە و دەبێت ئەنجامبدرێت (ناجی، ل75). هەروەك پێی وایە جیهاد هۆکاری هیدایەتی مرۆڤەکانە، ڕشتنی خوێنی ئەهلی سەلیب و هەڵگەڕاوە و سەرباز و شوێنکەوتوەکانیان لە گەورەترین واجبە ئاینییەکانە، دۆخی ئیستای موسڵمانان زۆر لە دۆخی سەرەتاکانی جیهاد لە سەرەدەمی پێغەمبەر دەچێت، پێویستی بە توندوتیژییە وەك ئەوەی بەرامبەر بەنوقورەیزە کرا لە سەردەمی پێغەمبەر (د. خ)، دەبێت سیاسەتێکی توند و یەکلاکەرەوە پەیڕەوبکرێت و ترس بخرێتە دڵی نەیاران (هەمان سەرچاوە). لە فکری داعشدا جیهاد فەرزێکە بەردەوام دەبێت بکرێت، مەگەر لەبەر پێویستی ئەگەرنا نابێت ساڵ تێپەرێت بەسەر وەستاندنی جیهاد لە دژی کافران (المهاجر، ل27).

(ئەبوبەکر ناجی) یەکێکە لەو نووسەرانەی نووسینەکانی بوونەتە ئیلهامبەخشی فکری جیهادی داعش, ئەو پێیوایە جیهاد بەشێکە لە ڕەحمەتی خوا بۆ مرۆڤەکان، چونکە بەهۆیەوە کافران سزادەدرێن ئەگەر ئەو سزایە نەبێت دوورنییە سزای خوای گەورە دابەزێتە سەریان کە زۆر سەختە هەروەکو بۆ گەلانی پێش ئیسلام دابەزیوە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی (وما ارسلناك الا رحمە للعالمين). ئەو ئایەتانەی تریش کە ئاماژەن بۆ ئەوەی جیهاد لە چوارچێوەی ڕەحمەتی خوادایا ئایەتی (قاتلوهم يعذبهم الله بايديكم ويخزيكم وينصركم عليهم ...) ( قل هل تربصون بنا الا احدي الحسنين ....) (ناجی، ل114).

بۆ تێگەیشتن لە بیری جیهادی داعش، باس لەو بنەمایانە دەکەین کە ئەو بیرەی لەسەر وەستاوە و لێوەی ئاراستەدەکرێت ئەوانیش:

گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامیی:

لە دیدی سەلەفی جیهادی، لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی (يا اليها الذين امنوا اطيعوا الله وأطيعوا الرسول واولي الامر منكم ... النساء 59). گوێڕایەڵی کاربەدەست بەشێکە لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر، گوێڕایەڵیش بەوە دەبێت کە دەوڵەتداری هەبێت، بی بوونی دەوڵەتی ئیسلامیی ئەو گوێڕایەڵییە نایەتەی و مەبەستێکی گەورەی شەریعەت پەکیدەکەوێت (دولە العراق الاسلامیە، ل4). بۆیە داعش دروستکردنی خیلافەتی ئیسلامی کردە کاری لەپێشینەی خۆی، بۆ دانانی خەلیفەش ئەو میتۆدەی تەبەنی کردوە کە لە کەلەپووری ئیسلامیدا باسوخواسی لەسەرکراوە و ئاماژەی بەوە داوە کە زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی سێ ڕێگەی شەرعی هەیە بۆ دانانی پێشەوای موسڵمانان کە ماوەردی و جوەینی لە کتێبەکانی خۆیان باسیان کردوە، ئەوانیش:

بەیعەتدانی ئەهلی حەلوعەقد کە کەسێك هەڵبژێرن شایستەی ئەوەبێت.

پێشەوای پێشوو کەسێك دیاری بکات تا دوای خۆی ببێتە خەلیفە، یان چەند کەسێك دەستنیشان بکات تا ئەهلی حەلوعەقد لەناو ئەوانەدا کەسێك دیاری بکەن.

زالبوون بەسەر دەسەڵاتدا لە ڕێگەی هێزەوە لە سەردەمی فیتنە و نەبوونی پێشەوا بۆ مسوڵمانان کە ئەهلی حەلوعەقد ناتوانن کەسێك دیاری بکەن، کەسێك بە هێز خۆی دەسەلمێنێت و بانگهێشتی موسڵمانان دەکات تا لە دەوری کۆببنەوە و بەیعەتی بدەنێ (هەمان سەرچاوە، ل12).

داعش پێی وایە خوا بۆیە مرۆڤەکانی دروستکردوە تا بیپەرستن، ئەمەش بەوەدێتەدی کە دەوڵەتیان هەبێت و حاکمیەت بۆ شەرعی خوا بێت، ئایینداری بەرپابکات و پارێزگاری لە سنوورەکانی شەرع بکات، پێغەمبەرانیش لەوپێناوەدا نێردراون، بۆیە هەر سیستمێك لە سەر ئیسلام بنیادنەنرابێت بەتاڵە و شەرعییەتی نییە (هەمان سەرچاوە، ل8).

داعش جەخت لەوە دەکاتەوە کە دروستکردنی دەوڵەت دەبیت لە ڕێگەی هێزەوە بێـت، ئەمەش لەگەڵ سوننەتە گەردوونییەکان تەبایە، لە مێژوی ئیسلامیدا بەهۆی هێزی چەکداری ئەوس و خەزرەجەوە توانرا دەوڵەتی مەدینە دامەزرێت. دەبێت ئێستا هەمان ئەزمون دووبارە بکرێتەوە و جیهاد ئەنجامبدرێت (ناجی، ل99).

سەلەفی جیهادی زۆر جەخت لەسەر مەسەلەی حاکمیەتی خوا دەکاتەوە، داعش هەمان میتۆدی تەبەنی کردوە و بەلای ئەوانەوە حاکمیەتی خوا و جگە لە خوا هەیە، ئەوەی خۆیان بە حاکمیەتی خوا و ئەوانی تر کافر دەکەن، ئەوان پێیانوایە دەستووری وڵاتان،

سیستمە حوكمڕانیەكانیان، پەرلەمان، حیزب و دامەزراوەكیانیان كافرن دەبێت كۆتاییان بێت و شەرعی ئیسلام جێبەجێبكرێـت، هەر بەشداریەكیش لەو جۆرە حوكمڕانیەدا یان پشتگیریكردنی كوفرە (الگیار، ل23).

بەشێك لە فكری جیهادی داعش لەسەر ئەو دونیابینیە بنیادنراوە كە دەبێت شەرعی خوا جێبەجێ بكرێت و حوكمی ئیسلامی بگەڕێتەوە، ئەمەش لە خیلافەتی ئیسلامیدا خۆیدەبینێتەوە، خیلافەتیش بە جیهاد نەبێت نایەتەوە سەر زەوی (الخگیب، 2014، ل9-10)، لەوكاتەوە داعش خیلافەتی ڕاگەیاندوە، بە پێویستی زانیوە هەمووان بە تایبەت گرووپە ئیسلامییەكان بەیعەت بە ئەبوبەكر بەغدادی خەلیفەی داعش بدەن، هەر كەس دژایەتی ئەو تیڕوانینەی كردبێت لە گروپە ئیسلامییەكان ئەوا بە دەرچوو ناوی بردەوە  و شەڕكردنی لە دژیان بە ڕەوا زانیوە (هەمان سەرچاوە، ل12).

**دۆستایەتی و دوژمنایەتی:**

دۆستایەتی  و دوژمنایەتی (الولاو والبراو) یەكێكە لەو چەمكانەی لای داعش زۆر زەقدەكرێتەوە، ئەو رێكخراوە پێیوایە دوژمنایەتیكردنی كافران و خۆبەریكردن لێیان و لە كوفرەكەیان بنچینەیەكە لە بنچینەكان كە دین و ئیمان بە بێ ئەوە تەواو و سەلامەت نییە (الشافعی، 1435ك، ل22).

بەلای ئەوانەوە دۆستایەتی و دوژمنایەتی یەكێكە لە پێوەرەكانی تاك و گرووپەكان بە ئیسلامەوە، ئەوان زۆر جەخت لەوە دەكەنەوە كە كام دەسەڵاتدار تاغوتە و لە دین لایداوە  و دەبێت خۆی لی بەری بكرێت و جیهادی لە دژ بكرێت، دەبێت موسڵمان دۆستایەتی ئەهلی یەكتاپەرستی بكات و خۆی لە تاغوت و دانەرانی یاسا دەستكردەكان بەدور بگرێت. لای ئەوان بازنەی خۆبەریكردن بە شێوەیەك فراوانە هەموو ئەوانەی نەتەوەین یان بێگانەن یان یاسای دەستكرد دادەنێن یان بڕوایان بە دیموكراسی هەیە دەبێت خۆی لێی بەری بكرێـت، بەڵام ئەهلی تەوحید لە خۆیاندا كورتهەڵدەهێن كە پێویستە دۆستایەتی بكرێن و سەربخرێن و جیهاد لە پاڵیاندا بكرێت (الگیار، ل22).

**تەكفیر:**

مەسەلەی تەكفیر یەكێكی ترە لە بنەماكانی فكری جیهادی داعش، ئەوان زۆر بە ئاسانی نەیارانیان تەكفیر دەكەن، لە دیدی داعشدا هەموو ئەو كەسانەی كە یارمەتی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی دەدەن لە هێرشكردنە سەر خیلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، جا كۆمەڵ بن یان تاك ئەوا چونەتە ناو كوفرەوە و هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام،  لەبەردەم دەوڵەتی ئیسلامیدا هیچ رێگەیەك نەماوە جگە لە شەڕكردن لەگەڵیان (الشافعی، 1435ك، ل58)..

داعش دیدێكی تەبەنی كردووە كە پێیوایە كافر خوێن و ماڵی موباحە، خوێنی وەك خوێنی سەگ وایە، مەگەر بێتە ناو ئیسلام یان جزیە بدات و سەرشۆڕی بنوێنێت بۆ ئیسلام، هەموو كافرانی وڵاتانی رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی هەمان حوكمیان هەیە، جیهاد لە دژیان واجبە، هۆكاری كوشتنیشیان شیرك و كوفرە، هەركەسێكیش لە ئیسلام بچێتە دەر بە هەمان شێوە خوێن و ماڵی موباحە (الشامی، 2016، ل19-20). لە دیدی داعشدا خەڵكی بۆ سێ گروپ پۆلێن دەكرێن: موسڵمانێك كە خوێن و ماڵی پارێزراوە، ئەهلی زیمە كە سەرانە دەدەن، كافرێك كە سەرانە نادات خوێن و ماڵی موباحە بۆ مسوڵمانان و دەبێت جیهاد بەرامبەری بكرێت (هەمان سەرچاوە، ل26).

تیۆرسێنانی داعش پێیانوایە بە چاوپۆشی لەوەی چ مەبەستێك بەدیدێنێت، خوای گەورە كوشتنی كافرانی كردوەتە مایەی لێخۆشبوون لە تاوان و خراپە و رزگاربوون لە ئاگر، لەسەر موسڵمان پێویستە هێندەی دەتوانێت كافران بكوژێت و خوا لە خۆی رازی بكات (مجلە النبأ، العدد 47، ل3).

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا حوكمكردن بەوەی خوا ناردویەتی بنەمای سەرەكی فكری جیهادی داعشە و لەسەر ئەوە دونیابینی خۆی بنیاد دەنێـت كە بە شەریعەت ناودەبرێـت، لێرەوە مەسەلەی تەكفیر دێتەپێش، تەكفیری ئەوانەی حوكم بە یاساكانی جگە لە شەریعەت دەكەن، هەروەها تەكفیری ئەوانەی پێی رازین، پاشان تەكفیری ئەوانەی ئەوانەیان پێ كافر نییە، ئەو وڵاتانەش كە بەو یاسایانە حوكمڕانی دەكرێت دارولكوفرە و جیهادكردن دژیان واجبە، بۆیە بازنەی كوفر زۆر فراوانە، ئەمەش دەخوازێت كۆچ بكرێت و جیهاد راگەیەنرێـت، لای داعش حوكمی كافران بێ نرخە و لەرووی شەرعیەوە هیچ بەهایەكی نییە، دواجاریش دەبێت حوكمی ئیسلامی بەرقەراربكرێت و خیلافەتی ئیسلامی دروستبكرێت (الخطیب، ل14).

دارولكوفر و دارولئیسلام:یەكێكی تر لە بنەما فكرییەكانی داعش دابەشكردنی جیهانە بۆ دارولكوفر و دارولئیسلام، بەلای ئەو رێكخراوەوە وڵاتانی رۆژئاوا و دەوڵەتە عەرەبییەكان بە یاسای دەستكرد حوكمڕانی دەكرێن، وڵاتی كوفر و و هەڵگەڕاوەن –هەرچەند

وڵاتە عەرەبییەکان خەڵکەکەی موسڵمانە- بەڵام کۆچکردن لێوەی بۆ سایەی دەوڵەتی خیلافەت کە بە شەرعی خوا حوکمڕانی دەکرێت واجبە (المهاجر، 2016، ل3)

لای داعش هەموو دارولکوفرێك خانەی جەنگە، مەگەر پەیمانێك لە نێوان ئەوان و موسڵمانان هەبێت. بنەڕەت لە پەیوەنی لە نێوان دارولکوفر و دارولیسلام جەنگە، دەبێت ئەوان ملکەچ بن بۆ حوکمی ئیسلام، هەموو زەوی هی خوای گەورەیە، هی کافر و بێباوەڕان نییە، ئیسلام ئەو دینەیە کە خوا پێی رازییە، نابێت خەڵکی سەرزەوی جگە لە ئیسلام شتێکی تر هەڵبژێرن، ئەوە حوکمی خوایە کێ رازییە ئەوەیە کێش رازی نییە دۆزەخ فراوانە (المهاجر، ل23). داعش پێیوایە کافران ئەگەر ئەهلی ئیسلام بە پەیمانێك پەنایان نەدان ئەوە لە هیچ شوێنێك سەرو ماڵیان پرایزراو نییە و کوشتنیان رەوایە، ئەمەش یەکێکە لە بنەڕەتەکانی ئیسلام (هەمان سەرچاوە، ل29).

بەڵام سەبارەت بە هەڵگەڕاوە، ئەوا بەلای داعشەوە تاوانی ئەوان لای خوا گەورەتر لە تاوانی کافری ئەسڵی، ئەوان دەبێت بکوژرێت ئەگەر نەگەڕێنەوە سەر ئیسلام، دروست نییە ئەمانیان بدرێتێ یان ئاگربەستیان لەگەڵ بکرێت، دیلەکانیان ئازاد ناکرێن، فیدیەیشیان لێوەرناگیرێت گۆشتی سەربڕاوی دەستیان ناخورێت، دروست نییە ژنخوازیان لەگەڵ بکرێت، هەرچیەك بن جیهادیان لە بەرامبەر دەکرێت و دەکوژرێن، تەنانەت ئەگەر پیر، ئافرەت، یان کوێریش بن (هەمان سەرچاوە، ل34).

**5- دەرئەنجام**

لە بەرەنجامی بەراوردکردنی نێوان ئامانج و مەبەستەکانی جیهادی کوشتار لە قورئان و ئەو بەناو جیهادەی کە ڕێکخراوی داعش پێڕەوی دەکات, توێژەران گەیشتن بەم ئەنجام و جیاوازییانەی خوارەوە.

لە قورئاندا جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو وشەی (جهاد) و (قتال)، یەکەمیان چەمکێکی فراوان و گشتگیر و مەدەنیە، دەشێت جەنگ بەشێکی کاتی و کەمی ئەو چەمکە فراوانە بێت، هەرچی وشەی (قتال)ە ئەوا تایبەتە بە دۆخێکی سەربازی لەناکاو و سەپێندراو. بەڵام داعش چەمکە فراوانەکەی جیهادی لە کوشتن و سوتان و جەنگدا قەتیس کردووە.

داعش بۆ تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە جیهاد زیاتر پشت بە مێژوو و کەلەپوور و فەتوای زانایانی کۆن و قسەی جیهادیەکان دەبەستێت، هەروەها لە قورئانیش تەنها پشت بەو ئایەتانە دەبەستن کە خزمەتی دیدی خۆیان دەکات، واتە بەشێکی ئایەتەکان وەردەگرن، بە پێچەوانەی میتۆدی سەلمێندراوی هەڵێنجانی تێڕوانینی قورئانی، کە دەبێ سەرجەم ئایەتی پەیوەست بە بابەتێك لە تەك یەکدا کۆبکرێنەوە و بە سەرجەمیان دیدێکی تەواو دەبەخشن، بە ڕەچاوکردنی بنەما گشتیەکانی تری قورئان و فەلسەفەی گشتی ئیسلام.

قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەی ئەوەیان تێدایە کە جیهاد دەبێ دەوڵەتێکی پەسندکراوی نێو گەلێك بیکات و خاکی تایبەت بە خۆی هەبێت، هەروەك پێغەمبەر تا کیانێکی لە مەدینە پێك نەهێنا ڕێگەی پێنەدرا بە هیچ شێوەیەك جیهادی پەرچەکرداریش بکات. بەڵام داعش تەنها ناوی دەوڵەتە، دەنا لە واقیعدا گروپێکی بێ پاڵپشتی میللی و بێ خاك و بێ ناسنامەیە، بەو شێوەیەش دنیایەك وێرانکاری ئەنجامداوە بە ناوی جیهاد، جیهادەکەشی لە بەرامبەر موسڵمانانە، بۆیە زۆربەی قوربانیانی جیهادەکەی خەڵکی موسڵمانن!

بە پێی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و قسەی جێنشینە بەڕێزەکانی، نابێت لە کاتی شەڕدا بە هیچ جۆرێك خەڵکی شەڕنەویست و ئاشتیخواز بکوژرێت یان زیانی پێ بگەیەنرێت، هەروەها نابێت زیان بە بەرژەوەندی گشتی و سەرچاوەی بژێوی خەڵك بگەیەنرێت. بەڵام داعش هەر هەموو ئەم شتانە و خراپتریشی ئەنجام داوە.

لە قورئاندا، بنەڕەت ئاشتیە، شەڕیش تەنها لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا پەنای بۆ دەبرێت، هەموو ئەو حاڵەتانەش پەیوەستن بە ستەم و دەستدرێژی و تاوانی بەرامبەرەوە، بەڵام لای داعش بنەڕەت جیهاد و شەڕکردنە, تەنانەت داعش دەستی بەسەر شار و ناوچەگەلێکدا گرت کە زۆرینەی خەڵکەکەیان موسڵمانن و هیچ شەڕ و تاوانێکیشیان نەکردبوو.

بە پێی قورئان نەك لەسەر کوفر و بە هۆکاری بیروباوەڕی ئایینی نابێ شەڕ و کوشتار بکرێت، بەڵکو یەکێ لە مەبەستەکانی جیهاد فەراهەمکردنی ئازادی ئایینیە بۆ هەموو ئاییندارێك. داعش هات ڕێك پێچەوانەی ئەمەی کرد، ئازادی ئایینی زەوت کرد، هێرشی کردە سەر یەزیدیەکان کە شەڕکەر نەبوون، بەزۆر کردیانن بە موسڵمان یان دەیان کوشتن، ژنەکانیشیان لێ ئەتك کردن و کردنیان بە کەنیزەك و فرۆشران، هەروەها کرستیانەکانیان لە موسڵ دەرکردن لە خاکی خۆیان.

لای مەبەستگەراکان جیهاد خودی خۆی مەبەست نییە، بەڵکو هۆکارە بۆ بەدیهێنانی مەبەستی باڵا، بەڵام لای داعش لە هەندێك شوێن خودی جیهاد دەبێتە ئامانج و، کوشتاری مرۆڤەکان دەبێتە مایەی لێخۆشبوون و رەزامەندی خوا.

لای مەبەستگەراکان بازنەی ئاینداری فراوانە و جیهاد بۆ پارێزگاری لە موسڵمانان وەکو یەکێك لە مەبەستەکانی شەریعەت ئەژمار دەکرێت، بەڵام لای داعش بازنەی دینداری هێندە بەرتەسك کراوەتەوە کە جگە لە شوێنکەوتەکانی خۆیان جێگەی کەسی تیانابێتەوە، زۆر بە سانایی موسڵمانان بە کوفر و لادان و ... تاد تۆمەتبار دەکەن و خوێنیان حەڵال دەکەن.

### 6- سەرچاوەکان

#### یەکەم: کتێب


ابن عاشور، محمد الطاهر, 1984م, التحرير والتنوير، بێ نۆرەی چاپ, تونس, الدار التونسية للنشر.

ابن فارس، احمد الرازي (ت: 395هـ), 1979, معجم مقاييس اللغة، بێ نۆرەی چاپ, دار الفكر.

ابن قيم الجوزية، محمد (ت: 751هـ), 1994, زاد المعاد في هدي خير العباد، ط27, بيروت, مؤسسة الرسالة.

ابن منظور، محمد الإفريقي (ت: 711هـ), 1414هـ لسان العرب، ط3, بيروت, دار صادر.

آزاد, أبو الكلام, بێ ساڵی چاپ و نۆرەی چاپ, الجهاد.. دفاعاً عن الإسلام، تقديم, دار المعارف.

الشامي, أبو جويرية, 2016, العمليات الاستشهادية وأحكامها، دار الوفاء، بێ شوێن و نۆرەی چاپ.

المهاجر, ابو عبداالله, مسائل في فقه الجهاد، دون سنة الطبع، نسخة الكترونية.

المهاجر, ابو عبدالله, 2016, وجوب الهجرة لدار النور والاسلام وترك دار الكفر والظلام، نسخة الكترونية.

ناجي, ابوبكر, ادارة التوحش.. اخطر مرحلة ستمر بها الامة، مركز الدراسات والبحوث الاسلامية، دون سنة الطبع، نسخة الكترونية.

أبوهنية، حسن، 2014، البناء الهيكلی لتنظيم الدولة الاسلامية، من ملفات تنظيم الدولة الاسلامية (النشأة، التأثير، المستقبل)، مركزالجزيرة للدراسات، نسخة الكترونية.

وەرگێڕانی: الشافعی, أبو عبدالله, 1435ك, بەڵگە روونەکان لە کافربوونی ئەو کەسەی یارمەتی خاچپەرستان دەدات لە دژی خیلافەتی ئیسلامیی، مکتبە الهمە، نوسخەی ئەلیکترۆنی.

صافی, د.لؤی, 1998, إعمال العقل، گ1, سوريە, دار الفكر.

دراز، د.محمد, 2003, مدخل إلى القرآن الكريم، ط5, مصر, دار القلم. ترجمە: محمد عبدالعظيم على، مراجعە وتقديم: د. السيد محمد بدوى.

دولة العراق الاسلامية: إعلام الانام بميلاد دولة الاسلام، دون سنة الطبع، نسخة الكترونية.

رضا، محمدرشيد, 1990, تفسير المنار، بێ نۆرەی چاپ, الهيئة المصرية العامة للكتاب.

العودة, سلمان, 2015, أسئلة العنف، ط1, بيروت, جسور للترجمة والنشر.

شقير, شفيق, 2017, علماء التيار الجهادي، الخطاب والدور المستقبل، مركز الجزيرة للدراسات، نسخة الكترونية.

القرضاوي، د.يوسف, 2014, فقه الجهاد.. دراسة مقارنة لأحكامه وفلسفته في ضوء القرآن والسنة، ط4, القاهرة, مكتبة وهبة.

القرطبي، محمد الأنصاري (ت: 671هـ), 1964, الجامع لأحكام القرآن، تحقيق: أحمد البردوني و إبراهيم أطفيش، ط2, القاهرة, دار الكتب المصرية.

الطيار, محمد, اطر السلفية الجهادية في المملكة الاردنية الهاشمية، المكتب العربي للمعارف، دون سنة الطبع، نسخة الكترونية.

الخطيب, معتز, 2014, تنظيم الدولة الاسلامية، البنية الفكرية وتعقيدات الواقع، من ملفات تنظيم الدولة الاسلامية (النشأة، التأثير، المستقبل)، مركز الجزيرة للدراسات، نسخة الكترونية.


#### دووەم: گۆڤار


فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم، مجلة النبأ- صحيفة اسبوعية عامة، العدد (47)، 1437/12/18ه، نسخة الكترونية.


#### سێیەم: ئینتەرنێت


ويكيبيديا، أبومصعب الزرقاوي، www. ar.wikipedia.org (مێژووی سەردان 2017/5/5)

لزرقاوي يعلن "بيعته" لابن لادن على السمع و الطاعة، هل يكون البيان ورقة انتخابية رابحة لبوش؟ https://www.alarabiya.net/articles/2004/10/17/7218.html (مێژووی سەردان 2017/5/7).

منبر التوحيد و الجهاد؛ بيان بيعة جماعة التوحيد و الجهاد لتنظيم قاعدة الجهاد، http://www.tawhed.ws/r?i=dwww5009 (مێژووی سەردان 2017/5/5)

مجلس شورى المجاهدين" يعلن تأسيس إمارة إسلامية في العراق، خبير يكشف معلومات عن أبو اسامة العراقي المنشق على القاعدة. https://www.alarabiya.net/articles/2006/10/15/28296.html (مێژووی سەردان 2017/5/10)

الجيش الأميركي يكشف تفاصيل عملية مقتل الزرقاوي، http://www.aljazeera.net/news/arabic/2006/6/8 (مێژووی سەردان 2017/5/2)

بوابة الحركات الاسلامية: تنظيم القاعدة في العراق، http://www.islamist-movements.com/2602 (مێژووی سەردان 2017/5/15)

مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات: اوراق السياسية، تنظيم الدولة (نشأة و الافكار)، www.fikercenter.com/ar/p/political_analysis/view/a6zaxn3 (مێذووی سەردان 2017/5/1)

داعش يعلن دولة الخلافة الإسلامية ويبايع البغدادي، https://www.alarabiya.net (مێذووی سەردان 2017/5/15)

خطبة الجمعة في الجامع الكبير في الموصل لأبوبكر البغدادي، https://www.youtube.com/watch?v=dIRf0EJuPak (مێذووی سەردان 2017/5/4)

**Jihad between Intended View and Takfiri Groups: ISIS as a Case Study**

**Idris Mohamed Mahmoud Siwayli** **Pasewan Qeplan**
Teacher Training Institute sulaymaniyah
zerav2013@gmail.com

**Abstract**

The concept of Jihad has received great attention in Islamic jurisprudence. Jihad and related subjects have been the focus of the schools of Islamic jurisprudence and thoughts throughout Islamic history. In the modern era with the rise and emergence of takfiri groups, research centers began to study jihad. There are some Islamic scholars, in the new and old eras, who study jihad according to maqasid of shariah, whereas, takfiri groups view and interpret jihad based on their needs and objectives. Takfiri's interpretation of jihad, which is far away from the human spirit of Islam, produces a negative view of Islam .

What has written above is the main reason for writing this research that aims at differentiating between jihad in maqasid shariah perspective and jihad in takfiri groups' perspective. In so doing, the researchers used two methods: competitive and analytical methods. Many books, articles are used as references for this research .

Islamic State in Iraq and the Levent (ISIS) is chosen in this research as a case study because ISIS represents takfiri groups' perspectives on jihad in the modern era. ISIS since its emergence considers itself as an "Islamic State" that fights and declares jihad as a necessary step for establishing the caliphate. It is significant to understand and analyze how ISIS views and interprets the concept of jihad and compare ISIS's perspective on a jihad to perspective of maqasid shariah. After comparison, it will be clear whether what ISIS has done as so-called jihad is, in reality, jihad according to maqasid of shariah.

The research consists of an introduction, three sections, and a conclusion. The first section dealt with the concept of jihad and the differences between jihad and fighting. The second section devoted to study the philosophy of jihad from the point of view of maqasid shariah and it also studies the principles of war and peace in Islam. In addition to it, it explains when jihad (war) is allowed in Islam. In the third section, the history of emerging ISIS and its thoughts are studied. In conclusion, the results of this research are presented. These are the most significant results:

-1In the Quran, peace is a foundation and war (fighting) is an exception which resorted to in specific cases, while ISIS views war (jihad) as a foundation .

-2According to Quranic discourse, there is no permission to fight kufr and religious differences. Rather, one of the objectives of fighting (jihad) is to provide every individual with freedom of religion. In contrary to this, ISIS did the opposite of it and confiscated the freedom of religion .

According to maqasid shariah, Jihad is not a goal in itself, whereas SISI turned Jihad into its final goal and the group worships God by killing their opponents.

**Keywords**: Takfir, groups, ISIS.

# الجهاد بين النظرة المقاصدية والجماعات التكفيرية (داعش) نموذجا

**ادريس محمد محمود سيويلي** **پاسەوان قەپلان سوورچی**
معهد تأهيل المدرسين السليمانيه
zerav2013@gmail.com

**ملخص**

يعد الجهاد من المفاهيم التي لقي اهتماماً كبيراً في الفقه الإسلامي، وقد كان الجهاد وما يتعلق به من موضوعات- محط أنظار المدارس الفقهية والفكرية طوال حقب التاريخ الإسلامي. وفي العصر الحديث عادت قضية الجهاد مع ظهور الجماعات التكفيرية إلى بساط البحث بشكل أوسع، ولها حضور في أروقة مراكز الفكر والبحث. وهناك في القديم والحديث من درس مفهوم الجهاد ونظر إليه من منظور مقاصد الشريعة، بينما نجد في المقابل أن الجماعات التكفيرية تفهم الجهاد وتنظر إليه بعيداً عن الروح الإنسانية للإسلام، وكثيرا ما تفسر هذه الجماعات نصوص الجهاد وفق أهدافها الخاصة وبمنظور ضيق، وقد أدى ذلك إلى انتشار نظرة سلبية عن الإسلام وغاياته العليا.

إن ما سبق الحديث عنه كان السببَ الأساس في اختيار هذا البحث وإنجازه، والذي يهدف إلى إلقاء الضوء على المفارقة بين منظور المدرسة المقاصدية ومنظور الجماعات التكفيرية لمفهوم الجهاد. ومن أجل تحقيق هذا الهدف؛ فقد سار الباحثان على المنهج الموضوعي المقارن، مستفيدَيْن من العديد من المصادر والمراجع المختلفة.

وقد اختير في هذا البحث تنظيم الدولة الإسلامية في العراق والشام (داعش) نموذجاً للجماعات التفكيرية، كونه أقوى المنظمات التكفيرية التي ظهرت حتى الآن في العصر الحديث، إلى درجة أنه أعلن عن نفسه في الواقع كدولة، وتتعامل كدولة تحكم باسم الخلافة الإسلامية، ومارست هذه الدولة المزعومة الجهاد وفق منظورها منذ أول ظهورها؛ لذا كان من الأهمية بمكان أن يدرس منظورها للجهاد، ويقارن بمقاصد الشريعة، ليتضح بذلك مدى موافقة الأعمال التي تمارسها داعش باسم الجهاد لأهداف ومقاصد الإسلام.

يتكون البحث من مقدمة وثلاثة مباحث وخاتمة. تناول المبحث الأول مفهوم الجهاد، والفروق بينه وبين القتال. أما المبحث الثاني؛ فقد خصص لدراسة فلسفة الجهاد من منظور مقاصدي، كما أنه عرج على مبادئ السلم والحرب في الإسلام، واستعرض الأهداف التي من أجلها شرع الإسلام الجهاد (القتال). وفي المبحث الثالث عرضت نبذة من تاريخ جماعة داعش، ثم استفاض في عرض المبادئ الفكرية لهذه الجماعة.

ثم تم عرض النتائج التي توصل إليها الباحثان حول فلسفة الجهاد وأهدافه من خلال عقد مقارنة بين المبحثين الثاني والثالث، وأبرز هذه النتائج هي:

في القرآن، الأصل هو السلم، والحرب استثناء، يلجأ إليها في حالات معينة ومحددة، بينما الجهاد والحرب هو الأصل لدى داعش.

وفق الخطاب القرآني؛ ليس هناك إذن بالقتال على الكفر أو بسبب الاختلاف العقيدي، بل إن أحد مقاصد القتال وأهدافه هو توفير حرية الدين والتدين لكل متدين. أما داعش؛ فقد جاء ومارس عكس ذلك تماماً، حيث صادرت الحرية الدينية.

في المنظور المقاصدي، ليس الجهاد نفسه مقصوداً ولا هدفاً، بل هو وسيلة لتحقيق غاية إنسانية عليا. لكن الجهاد يتحول أحياناً إلى هدف وغاية، ويتعبدون الله بالقتل، متقربين إليه بإراقة الدماء!

**الكلمات الدالة**: الجهاد، المقاصد، التكفير، داعش.